# کۆتای جوانکاری یان سەرەتای ناجوانکاری؟

ئازاد حەمە/ پاریس

جوانکاری (Esthétique، Aesthetik، Aesthetica )،وەک بەشێک لە دیسپلینی بواری زانستی ئەدەب بێت یان زانستی هونەر و یاخودیش فەلسەفە،نە لە نێوەندی ڕوناکبیری کوردی و نەش لە نێوەندی ئەکادیمی ، ئەڵبەتە لەسەر ئاستی توێژینەوە، جێی بایەخە و ، نەشبووە بە نەریتێ ڕوناکبیری قسەکردن هێنانەپێشەوە لەسەر هونەر و گرێدانەوەی ئەو قسەکردنەش بە دۆزی هونەر لە جیهانا و پێوەندی هونەریش بە دیسپلینی فەلسەفی و تیۆری جوانکارییەوە. ئێمە لەم نووسینە کورتە، کە بەشێکە لە قسەکردنەکانمان لەسەر دیدی فەلسەفی ئالێن بادیو تایبەت بە ناجوانکاری ( Inesthétique، Inaesthetics ) ، بۆ باسکردن لە ناجوانکاری و، بۆ ووتنهێنانەپێشەوەش لەسەر کۆتای جوانکاری یان سەرەتای ناجوانکاری تەرخاندەکەین. بۆئەم مەبەستەش کار لەسەر تێگەیشتنی تازە بۆ جوانکاری و پێوەندی ویش بە فەلسەفە و لەلایتریش بە هونەرەوە دەکەین. ڕاستە جوانکاری ، لەئەمڕۆدا ،بە سیاسەتکراوە و ،وەکیتریش ژیانی ڕۆژانە و ئەمجار تێگەیشتن بۆ هونەر و چۆنیەتی بینینی فەلسەفەش بۆ ئەم لایەنانە بە سیاسەتەوە بەستراونەتەوە وەلێ ئەم لایەنە ئەوەندە نەبووە بە شوێنی تێرامانی ئەم نووسینە کورتە ، ئەڵبەتە، لەبریئەوە لایخوارەوە ئەو لایەنانە ڕاڤەدەکرێن کە دۆزی تیۆری جوانکاری دەخەنە ژێپرسیارەوە و ئەو مێژوەش پێیدەووترێت مێژووی هونەری ڕۆژئاوایی ڕەتدەکەنەوە. بۆیە تیۆری جوانکاری ڕۆژئاوایی وەک ئەوەی هەبووە و ، ئەو کێشانەش ئەم تیۆریە لەتەک خۆی دا بۆ ناو فەلسەفە پەلەکێشیکردوون، زۆر بەکوورتی، دەبن بە شوێنی بەشێ لە تێرامانەکانمان لەبارەی جوانکاری و هونەرەوە ،و یان لەبارەی کاری هونەریەوە،.

لە هەنووکەدا و لە نێوەندە فەلسەفی و ئەدەبی و هونەریەکانی ڕۆژئاوادا تێمای جوانکاری و فەلسەفی لە تێمە گفتووگۆئامێزەکانە و ، لە سەدەی 19 بەولاوە واتای هونەر و جوانکاری گۆڕانێ زۆریانهاتۆتە سەر و ، ئەمەش وایکردووە ڕوونکردنەوەکان لەوبارەوە شیاویتر بۆ تێگەیشتن دروستکەن و ، بۆیشە ئەو دەمەی کە پرسیاری ئەوە کراوە هونەر چییە؟ هەمیشە بەدووی ئەوەدا جوانکاری بەهۆی فەلسەفەوە پرسیاری جوانکاری چیەتیشی قووتکردۆتەوە. ئەم تێمایە کە گەلێ تێگەیشتنی تیۆری لەپشتەوەیە بوارێکیشە بۆ خستنەبەرگفتووگۆی بەشەکانی هونەر و پێوەندی ویش بە دیسپلینی فەلسەفیەوە. گومانیشی ناوێت، خولقانی بناغەی تازە و سەکۆی تیۆری نوێ بۆ گفتووگۆی تێمای جوانکاری بەو سێرکردنانەوە پابەندن لەهەنووکەدا دەیانەوێت خۆیان وەک دیدی نانەرێتی نیشاندەن. بۆئەوەی ئەم لایەنەش ڕوونکەینەوە پێویستمان بەوەدەبێت بزانین تا چەند پێوەندی نێوان جوانکاری و فەلسەفە لە بەردەوامیدایە و خودی هونەریش لەم پێوەندیەدا چۆنچۆنی خۆی نیشاندەدات.

بەمپێیەبێت، ئێمە دمانەوێت لەو تێگەیشتنەوە دەستپێکەن کە لەشێوەی ئەم پرسیارە فەلسەفیەوە خۆی نیشاندەدات: ئایا جوانکاری شوێنی خۆی لەدەستداوە و ئیدی قابیلی گفتووگۆ نیە یان ئەوی جوانکاری دەخاتە نێو تەوەرەی گفتووگۆوە کۆتای هاتووە و ستاتۆسی خۆی وونکردوە کە ئەوەش فەلسەفەیە؟ ئێمە پێمانوایە، لە ئێستادا ڕووبەڕووبوونەوە لەتەک جوانکاری ( Esthétique Aesthetics،)دا ڕووبەڕووبوونەوەیە لەتەک هونەر ئەمەش بەومەرجەی جوانکاری بکارێ پێناسەیکمان لەسەر هونەری تازە، هونەری ئێستا،پێبدات. ئەمەش بەجۆرێ لە جۆرەکان دەمانخاتە ناو گفتووگۆی ئایندەی جوانکاریەوە. باشە گەر جوانکاریش ئەزموون بێت ئەم ئەزموونە بە چارەنووسی هونەرەوە گرێنەدراوە؟ ئەم پرسیارەش دەمانخاتە ناو گەرووی پرسیار لەسەر دۆزی فەلسەفەی

هونەر. چونکە دۆزی فەلسەفەی هونەر لەئەمڕۆدا پێویستی بەسەرلەنوێ داڕشتنەوەیە. بەپیئەوەی دیدە جوانکاریەکان لەڕێگای فەلسەفەی هونەرەوە خۆیان دەگەێنن ئەمەوادەکا سێرکردن بۆ فەلسەفەی هونەر گۆڕانی بێتەسەر و جوانکاریش لە پێوەندیدا بێت بە خودی هونەرەوە. بۆیە لێرەوە بەباشیدەزانین خۆمان لەقەرەی ئەو پرسیارە زێدە هەستیارە بدەین لە ئەمئێستادا لە نێوەندە فەلسەفیەکانی ڕۆژئاوا تایبەت بە هونەر و جوانکاری دەکرێت کە ئەوەش بەمجۆرە خۆی نمایشدەکات: ئایا پێویستە فەلسەفە لەتەک جوانکاری و ئەلبەتە هونەریش لە پێوەندیدا بێت ؟ یان ئایا فەلسەفە لە پێوەندی بە جوانکاری و یان بە هونەرەوە چیپێدەکرێت؟

فەلسەفە، مەبەست فەلسەفە بەدرێژای مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا ، قسەی خۆی لەسەر جوانکاری کردوە ئەمەوادەکات نەکارین بەئاسانی فەلسەفە لە جوانکاری بخەین و لەوەش گرینگتر فەلسەفە لە هونەر دابچڕین. بەڵام ناشکرێ جوانکاری بکرێت بە پاشکۆی فەلسەفە و یان گشت هونەر  و ئەوەش کە پێیدەلێین جوان( و جوانیش) بە فەلسەفەوە گرێدرێت. بۆیە ئێمە وایبۆدەچین چەند گرینگە شوێنێ نوێ بۆ فەلسەفەی جوانکاری دابینکرێت ئەوەندەش گرینگە شوێنێ بۆ فەلسەفەی هونەریش مسۆگەرکرێت. وەلێ ئەودەمەی ئەم شوێنانە جێبەجێدەکرێن دەشێ جوانکاری یان هونەر بەبێ فەلسەفە هەڵکەن؟ ئەو بیرمەند و ڕوناکبیرە ڕۆژئاوایانەی قسە لە فەلسەفەی هونەری نوێ و یان فەلسەفەی جوانکاری تازە دەکەن قسەکانیان لە تونێلی فەلسەفەوە بە شوێنی مەبەستدەگا و کارە هونەری و جوانەکانیش بە چەمکی فەلسەفیەوە دەگلێنن. ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی تیۆری جوانکاری دەبێتەوە. کەوابێت دەشێ ئەوەش بووترێت، گەڕان بەدووی شوێنی جوانکاری لەناو هونەر لەئێستادا لە ڕۆژئاوا بەشێکە لە توێژینەوە گرینگەکانی بواری فەلسەفەی جوانکاری.

جوانکاری وەک ئەوەی ئێستا لە بەکاربردندایە بەپێی بینینی فەیلەسوفی سویدی سڤێن– ئولوف ڤالنشتاین Sven–Olov Wallenstein بەری سەدەی 18 یە کە ئەوەش دەمنباتەوە بۆ لای بۆمگارتن Baumgarten و کانت Kant و دواتر ڕوەو ڕۆمانتیک. ئەوی لەم قۆناغەدا هاتۆتەبەرهەم جۆرە ڕوونکردنەوەێکبووە لە فەلسەفەێ تیۆری(1). بۆیە لێرە شایانی وەبیرهێنانەوەیە بلێین: فەلسەفەی ڕۆژئاوا کارێ زۆری لەسەر واتای جوانکاری کردووە و سەدەی هەژدەش بە سەدەی گەشەی تیۆری ئەو واتایە دەناسرێت. فەلسەفەی جوانکاری کلاسیکیش(کە لێرە مەبەست ئیمانوێل کانت و کلێمێنت گرینبێرگ Clement Greenberg) شتێکمان لەسەر جوانکاری پێدەلێت کە فەلسەفەی جوانکاری لەئێستادا لە گفتوگۆکردنی نەکەوتووە. هیچنەبێت لەبەرئەوەی ئەم جۆرە فەلسەفەیە پێیوایە جوانی بەشێکە لە خۆشی و هەروەها جوانی شتێ گەردوناوییە(ئونیڤێرسال). وەلێ جوانکاری هەرئەوەنیە کە بەشێکە لە خۆشی چونکە جوانکاری دەشێ شتێ هەزیل و ناناسکیش بێت. بەڵام ئەوەی لەم 30 ساڵەی دوایدا تایبەت بە واتای جوانکاری و جیهانی هونەری وتراوە جۆرە هەلومەرجێکیان هێناوەتەپێشەوە کە بلێین: تێگەیشتن بۆ جوانکاری لەنێوان تێگەیشتنی کلاسیک یان نەرێتی و تێگەیشتنی هاوچەرخدا بەرەو چیمان دەبات؟ ئایا بەرەو کۆتایهێنان بەجوانکاریمان دەبات یان بەرەو ئەوەماندەبات کە قایلبین بەوەی جوانکاری لە فەلسەفە دوورخرێتەوە؟

بۆ ئەوەی وەڵامێ گونجاو تایبەت بەو پرسیارانەی لایسەرەوە بەردەستخەین بەباشی دەزانین بلێین: دۆزی هونەر و دۆزی جوانکاری هاوچەرخ فرێمان دەدەنە ناو بیرکردنەوە لە چارەنووسی ئەوەی پێیدەلێن فەلسەفەی جوانکاری. داکۆکیش لە فەلسەفەی جوانکاری لە هەنووکەدا لە گرفتدایە و ئەمەش لەسەرێکەوە بۆ ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە کە بە تێگەیشتن لە جوانکاری نوێ و یان هونەری تازەوە تایبەتن و لەسەرێ تریشەوە بۆ خودی لکانی فەلسەفە بەم بوارانەوە( واتە بە جوانکاری یان بە هونەرەوە).

**وەلێ نابێ بیرمانچێت خودی ئەوەی پێیدەلێن جوانکاری تازە زۆرجارە شەکەت و تەنانەت بێ تامیشە. جوانکاری تازە بەدووی شتێکدا وێلە جوانیکات چونکە جوانکاری خەریکە جوانی خۆی لەدەستدەدا و سنووری لەنێوان ناشرین جوان دا نامێنێت. بۆیە کە قسە لەسەر جوانکاری نوێ دەکرێت هەمیشە ئەو قسەکردنە ناتوانێ خۆی لەو کێشە بەرچاوییە بدزێتەوە کە بە قەیرانەکانی جوانکاری لە هەنووکەدا تایبەتە. ئەمەش داوای ئەوەمان لێدەکات جوانکاری بپارێزین لەلایێ لە دژەکەی، لە ناشرینی، و لەلایتر لەو کێشە هەمیشەیەش کە لەبەردەم جوانکاریدا خۆی قووتدەکاتەوە کە ئەوەش میتافیزیکە. کەوابێت و لەلایترەوە ڕووبەڕووبوونەوە لەتەک جوانکاری میتافیزیکی هەمیشە کێشەیکی قووتبوەوەیە لەبەردەم ئەوەی پێیدەلێن زانستی جوانی. لەسەرێتریشەوە ئێمە پێیمانوایە زۆر گرینگە پەیامی جوانکاری، جوانکاری هەنووکە، وەک خۆی دەستنیشانکرێت هیچنەبێت بۆئەوەی بینین بۆ جوانکاری لەو گرفتانە بخرێت دووچاریدەبنەوە. ئەم پەیامەش والە جوانکاریدەکات خۆبێت و لەسەر فەلسەفە مشەخۆرنەبێت.**

**وەلێ پاپەندبوون بەوەی جوانکاری بریتیە لە فەلسەفەی هونەر گفتوگۆیکە بەشێ زۆر لە تیۆریزەکەرانی بواری جوانکاری هاوچەرخی داگیرکردووە. چونکە بەشێ زۆر لە تیۆریزەکەرانی بواری جوانکاری پێیانوایە جوانکاری بریتی نییە لە فەلسەفەی هونەر. باشە تەماشاکردنی جوانکاری وەک دیسپلینێک چی لە خۆ دەگرێ؟ ئێمە لەمڕووەوە بۆئەوەدەچین کە ئەم دیسپلینەپێش هەمووشێک هونەر و جوانی لەخۆ دەگرێت بەڵام خودی جوانکاری وەک دیسپلین سەرووی هونەرە. ئەمە کە بۆ بەشێ لە تیۆریزەکەرانی بواری هونەر هەرس نابێت تەماشاکردنیان لەوێڕا چەقیبەستوە کە جوانکاری بەشێکە لە فەلسەفەی هونەر. بەپێی ئەو وانانەش بێت هایدیگەر لە 1930 کانا تایبەت بە نیچە پێشکەشیکردون پەرچەکرداری ڕۆژئاوا سەبارەت بە هونەر وەک جوانکاری دەستپێدەکات (2) ئەم جۆرە بۆچوونە کە لەخودی خۆیدا تەقەلایکە بۆ کوشتنی هونەر بوونی جوانکاری بەنێوەنددەکات. وەلێ ئەم پەرچەکرداریە، بەبۆچوونی ڤالنشتاین، بۆ هایدیگەر هەمیشە جۆرێبووە لە گفتووگۆ، گفتووگۆی نێوان شیعر و هزر، نێوان فەلسەفە و هونەر(3).**

**بەشێ لە توێژەرەوەکانی هاوچەرخیش بۆئەوەدەچن ئەو ئیدیایانەی جوانکاری هێناونی بەئاسانی لە لاپەڕەکانی مێژووی هزری ڕۆژئاوایدا وون نابن و هیچکات ناکاریگەیش نامێننەوە. ئاشکرایشە، جوانکاری بەگشتی کار لەسەر هونەر،جیهانی هونەری، دەکات ئەمەش وادەکات جوانکاری قۆرخی بابەتی هونەری بکات. بۆیە دیاریکردنی ستاتۆسی هونەر لە ڕۆژئاوا بووە بەیەکێ لە کارکردەکانی تیۆری جوانکاری. بیریشماننەچێت، ئەوەی هەمیشە لەمڕووەوە پرسیار بووە بە ڕیشەی هونەرەوە تایبەت بووە کە لە پرسیاری " هونەر چییە؟"دا خۆی کورتکردۆتەوە،کە تائێستاش ئەم پرسیارە لە دۆزێکدایە لەکۆل هونەر نابێتەوە. وەلێ وەڵامەکان لەگەل گەشەی جیهانی هونەر لقوپۆپی زۆری لێبوەتەوە. هاتنی شەپۆلی هونەری پۆست مۆدێرنەش بەرپرسیارە بەرامبەر بەبەشێک لەو ئالۆزیانەی ئەو پرسیارە لە هەنووکەدا تیایدەژیت. لەسەرێتریشەوە گۆڕانی کۆمەڵایەتی تاک و ئەو فاکتەرانەی ئەم گۆڕانە دروستدەکەن بۆ گەلێ لە پسپۆڕانی بواری تیۆری جوانکاری شوێنی باسن. بۆیە هەڵەناکەین گەربلێین، نەک هەر تەکنیک جیهانی هونەری گۆڕیوە بەلکو ئەوەش پێیدەلێن گلوبالیزەکردنی ژیان. بۆیە جوانکاری، کە لەخودی خۆیا لەو جیهانە دەدوێت، لەگەل بزاڤی بەجیهانیبوون کەوتۆتە بارێ تەواو جیاوەوە.**

**بۆئەوەی ئەوی لایسەرەوە وترا زێدە شیکەینەوە بەپێویستی دەزانین لە دەرگەی ئەو بینیانە بدەین قسە لە مەرگی جوانکاری دەدکەن. ئێمە پێمانوایە لۆژیکی بیرکردنەوەی کۆتای جوانکاری خۆی لەوەدا چڕدەکاتەوە هونەر لەسەرە مەرگە. باشە بەلەسەرەمەرگبوونی هونەر کێشەێ نییە کە گشتمان دەگرێتەوە؟ بێگومان وایە. بۆ؟ لەبەرئەوەی**

کۆتایهاتنی هونەر کۆتایهاتنی ئەو بەشە سەرەکیەیە لە ژیان کە مرۆڤایەتی هەمیشە کاری لەسەر/ بۆ کردووە. ئەمەش لەبەرئەوەی، ئاین یان سیاسەت و چەندین چالاکی مرۆی تر لەڕێگای هونەرەوە گەیشتوون بە جۆرە شێوازێ لە گوزارە دروستکردن کە ئەوە نەک هەر هونەری گەیاندۆتە قۆناغێ باڵا بەلکو خودی ئاین و سیاسەت و چالاکیە مرۆیەکانی تریش بەهۆی هونەرەوە زۆرترین هەناسەیان داوە و بوونی خۆیانیش پاراستووە. ئەوندەی ڕێنێسانسمان لە ڕێگای هونەرەوە، لەڕێگا تابلۆکانی، وێنە هونەریەکانی، هونەرمەندانی ڕێنێسانسەوە ناسیوە هەرئەوەندەش لەڕێگای فەلسەفە و ئەدەبەوە ناسیوومانە.

بەپێیئەو تێگەیشتنانەی لایسەرەوە بێت زۆر پێویستە بپرسین: جوانکاری لەئێستادا چی دەوێت؟ یان جوانکاری بەدووی چیدا وێڵە؟ گەر جوانکاری دەیەوێت تائێستاش هەر بلێت جوانی لەو شتەدا ڕاستیێکی جەوهەرییە ئەم بە جەوهەریبوونە لەناو جوانکاریدا لەئێستادا لەژێر هەڕەشەی تەکنەلۆژیای زانیاریدا لە هەلەکە سەمادایە. جوانکاری نوێ کە لە چنگی تەکنیکی تازەدایە ئەم تەکنیەکە کارێ زۆر لەسەر گۆڕینی ناسنامەی جوانکاری دەکات. کولتووری Kitsch (کولتووری هەزیل) یش کە بەرهەمی ئەو دۆزە کولتووریەیە کە تیایا هونەر بووە بە بەشێک لە بازاڕی نیولیبرالیزم هونەری لە خود دابڕیوە. کولتووری ئێستاش، کە خۆی بە کولتوورێ تازە ناودەبات، بۆ گەلێ لە پسپۆڕان بووە بە پرسیار کە ئەم کولتوورە دەیەوێت چی لە هونەرکات و پێشئەوەش چۆن ڕەفتار لەتەک "جوانی"( Beauté، Beauty )دا بکات؟

بۆیە جیهانی نوێ جیهانێ نوێیە بۆ هونەریش ، واتە بۆ ئەو شتەش کە جوانکاری دەرە (مەبەستبەرهەمهێنەرە). وەکیتریش ، هونەری ئێستا کە لە ژێر زەبر و هەڕەشەی تەکنیکدایە پێویستە بگەڕێتەوە حالەتی خۆی، واتە هونەر پێویستی بەوەیە لەپێوەندیدا بێت لەتەک خۆی و هەروەها مەرجیشە هونەر وەک یەکەێ گشتی، واتە هونەر وەک هونەر ، سێرکرێت. مەبەستی ئێمە لێرە لە گوزارەی هونەر وەک هونەر ئەوەیە کە هونەر وەک ئەوەی ئامادەیە تەماشاکرێت نەک "هونەر لەپێناوی هونەر".

ئەوی لایسەرەوە ووترا وا لە ئێمە دەکات بەو بیرکردنەوەیەوە خۆمان ببەستینەوە کە پێیوایە هونەر لە ئێستادا پێویستە لەتەک تەکنیک دا بخرێتە ژێرگفتووگۆوە. ئەو وەختەش کە هونەر لەچوارچێوەی گەشەی تەکنیکی چاخی زانیاریدا ڕووندەکرێتەوە پتر جەوهەری ئەو هونەرەمان بۆ دەردەکەوێت لە پشت دروستبوونی جونکاری سەردەمەوەیە.

بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەو چەند تێگەیشتنانەی لایسەرەوە جەغتلەوەدەکەین، جوانکاری واتایکە هەمیشە هونەرمان بیردەخاتەوە ئەڵبەتە دیسپلینی فەلسەفیش لە جیهانی ئەم دوو واتایەدا شوێنی دیارە. بەڵام جوانکاری زۆرجار سنووری جیهانی هونەری تێدەپەڕێنێ و دەگاتە ناو ئەو پۆل و بوارانەی کەمتر بە جیهانی هونەریەوە گرێدراون لەوانە سیاسەت. ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی هەمیشە هەولێک لەئارادابووە بۆ بەسیاسیکردنی کاری هونەری کە ئەوەش وایکردوو قسەکردن لەسەر جوانکاری بەرینتربێت و تیۆری جوانکاریش ئاڕاستەی جیاوەرگرێت هەربۆیشە لەئێستادا گەلێ لە بیرمەندانی هاوچەرخی ڕۆژئاوا، و بەتایبەت فەیلەسوفانی کۆنتنێنتال، لە توێژینەوە فەلسەفیەکانیانا هەمیشە شوێنێ بۆ ووتن لەسەر جوانکاری دەهێننەپێشەوە (بۆنموونە تیۆری جوانکاری ئالێن بادیو، یان ژاک ڕانسیێر و ژۆرژیۆ ئاگامبین و ..هتد). وەلێ تێگەیشتن بۆ جوانکاری لەنێو هزرەڤانانی ڕۆژئاوای لە شوێنێک دا چەقینەبەستووە و ئەم تێگەیشتنە تا هەنووکەش لە پەرەسەندندایە ،بەتایبەت لەپاش هەوڵە فەلسەفیەکانی ئیمانوێل کانت بەولاوە ، جا ئەوە هەوڵەکانی بۆنموونە هیگل بێت یان هایدگەر و نیچە، ئەڵبەتە قووتابخانەی فرانکفۆرتیش (بەتایبەت ئەدرنۆ و دواتر مارکۆز) دەگرێتەوە و، تادەکاتە بۆچوونە فەلسەفیەکانی بیرمەندانی فەڕەنسی لە سەدەی ڕابردوودا لەسەر جوانکاری و شوێنی جوانکاری لەناو دیسپلینەکانا و پێوەندی

**جوانكاریش بە دیسپلینی فەلسەفیەوە، گومانیشی ناوێت شیكردنەوەكانی بۆردیۆ و لیوتار و دولۆز و بۆدریار شوێنیان لەم ڕووەوە دیارە و ئەگەرچی ئەو شیكردنەوانە جۆرە كۆششێكبوونە بۆ خولانەوە بە دەوری تیۆری جوانكاری كانت دا(واتە: ڕەخنەی دادوەری كانت و تێگەیشتنی وی بۆ سوبلیم) و هەرلەوبارەوە كاربۆئەوەشكراوە جوانكاری نەلكێ بە سیاسەتەوە و یان جوانكاری بەسیاسینەكرێ و ، تەنانەت ئەو هەوڵەش لەئارادابووە جوانكاری ناو كارە هونەریەكان لێیگەڕێین خۆیان لەخۆیان بدوێن بەمە كار بۆئەوە كراوە فەلسەفە لەوەخرێت ووتن لەسەر هونەر بێنێتەپێشەوە. ئەڵبەتە بۆچوونەكانی ئالێن بادیو تایبەت بە هونەر ،كە لەئێستادا لەپشت دروستكردنی جۆرە جوانكاریێ دژە ئاڕاستەوەیە، كە خۆی وەک جوانكاریێ "ناجوانكاری" نیشاندەدات، لەمجۆرە تەقەلا فەلسەفییانەیە(واتە لێگەڕێین هونەر خۆی قسەلەسەرخۆیكات).**

**بەپێی ئەویلایسەرەوەبێت، بایەخدان بە جوانكاری بۆ فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا جۆرە گەڕانێكیش بووە بەدووی ئەو خورپەیەی جوانكاری دەكاری لەتەک خۆیدا بیهێنێت. ئەو خورپەیە كە لەلایەن فەیلەسوفانەوە تیۆریزەی بەسەرەوەكراوە ئاڕاستەی جیای وەرگرتوە ئەمەش لەبەرئەوەی جوانكاری بۆ زۆربەی فەیلەسوفان وەک یەک تەماشانەكراوە. بۆیە جوانكاری ڕەخنەكراوە و ئەمەش بەو مانایەش دێت ئەوەی جوانكاری دروستدەكات، جوانكاری بەرهەمهێناوە، ڕەخنەی ئاڕاستەكراوە و  ئەو جوانكاریەش كە دراوە وەک خۆی پەسەندنەكراوە.**

**وێرای ئەوی ووترا، هەستكردن بە جوانكاری هەستكردنە بەو شتەی خۆی دەردەخات، خۆیمان نیشاندەدات. ئەو شتەی خۆینیشاندەدات شتێ سادە نییە بۆ تێگەیشتن چونكە ئەو شتە داوای ئەوەمانلێدەكات هەستمان بۆ دەركپێكردنی هەبێت. هەستی دەركپێكردنیش ئەو شتە ئەدۆزێتەوە، دەستنیشاندەكات، كە خۆی دەردەخات. هونەریش كە جوانییە، جوانی بەخشێنەرە، پێویستی بە دەركپێكردنە. دەرككردنبە بە هونەر دەرككردنە بەو جوانیەی هونەر دەیپێكێت. وەلێ چۆن ئەم جوانیەی ناو هونەر دەكرێ بگوێزرێتەوە؟ بۆئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەش بدەینەوە جەغتلەوەدەكەین كەخودێک لەناخی هونەردا پەنهانە ئەم خود شایانی توێژینەوەیە. ئەم خودە كە هونەر لەخۆیا داڵدەیداوە كارە هونەریەكە هەڵدەسوڕێنێ.**

**لەوبارەیەشەوە هیچ دورناڕۆین ،و هەرئەوەندە دەلێین، جوانكاری مۆدێرن سەرچاوەێ كانتی هەیە(لە بەشی داهاتووی ئەم نووسینە دێینەوەسەری). بەپێی ئەم سەرچاوەیە جوانكاری دادوەری بەسەرەوەدەكرێت وەلێ لێرەوە جوانكاریش كار بۆ دادوەرایەتی دەكات. بۆیە زۆربەی ئەوانەی پاش كانت كفتووگۆی جوانكاریان كردوە بەجۆرێ لەجۆرەكان پشتگیریان لە تیۆری جوانكاری كانت كردوە یانیش ڕەخنەیانكردووە. بەبۆچوونی فەیلەسوفی سویدی سڤێن نولۆف ڤالنشتاین تەقەلای كانت بۆ بەندكردنی جوانكاری بەناوی دروستكردنی ئۆتۆنۆمیەک بۆ جوانكاری بەبێچەندوچۆن جوانكاری والێكردوە ڕەهەندی كۆمەڵایەتی هونەر بچەوسێنێتەوە و  بشمانخاتە بەردەم دوو جۆر لە كولتوورەوە: كولتوورێک گەلی و كولتوورێكیش تاقمی(4). لێرەشەوە واتای جوانكاری ڕووبەڕووی كێشە دەبێتەوە. زۆربەی كێشەكانیش لەوێوەسەرچاوە دەگرن كە چۆن دەشێت جوانكاری ئازادكرێت و ئەڵبەتە لكانی جوانكاریش ، بەپێیئەوەی كردەێ تاكی و كۆمەڵایەتیە، بە ڕەهەندی ئیدیۆلۆژیەوە كێشەكەی قوولتركردۆتەوە بۆیە دوورخستەوەی جوانكاری لە فەلسەفە و لە هونەریش لە دواین باردا دەبێت بە ئامانج. یەک لەو بۆچوونانەش لەم ساڵانەی دوایدا لەبواری تیۆری جوانكاریدا خۆی قووتكردۆتەوە بۆچوونە فەلسەفیەكانی بادیوە بۆ جوانكاری و ئەڵبەتە خودی هونەریش ، كە لەژێر ناوی "ناجوانكاری" ( Inaesthetics،Inesthétique ) خۆینیشاندەدات. بۆئەوەی بادیو تێزەكانیشی لەوبارەیەوە ڕوونكاتەوە دێتەوە سەر شیعرەكانی فێرناندۆ پێسوا Fernando Pessoa و هەروەها شیعرەكانی ستیفان مالارمێ Stéphane Mallarmé و سامویێل بێكێت Samuel Beckett و  ئەڵبەتە ڕامبۆ و سیلان و..... ئەو ناجوانكاریەش كە بادیو باسیلێوەدەكات ماهیەتی ئەو جۆرە**

هونەرە پێکدێنێ کە بادیو دەیکات بە یەکێ لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕاستی. بەبۆچوونی پێتەر هالوارد Peter Hallward یش بێت "ناجوانکاری" بادیو یەکێ لە هەلومەرجەکانی فەلسەفە پێکدێنێت (5).

تایبەت بەو لایەنەش بادیو داکۆکیلێدەکات ، ئێمە دانبەوەدادێنین، ئەو جۆرە مامەڵەیەی بادیو لەتەک هونەر دا دەیکات لەناو فەلسەفەی هاوچەرخی فەڕەنسی و خودی ئەوەش کە پێیدەلێن فەلسەفەی نوێی کۆنتنێنتال جۆرە مامەڵەیێکی نوێیە. بۆئەوەی ئەم لایەنەش ڕاڤەکەین بەپێویستی دەزانین لە سنووری ئەم نووسینەدا تاوێ لەسەر بینینی بادیو بۆ هونەری هاوچەرخ و جوانکاری بوەستین کە بەخۆی ووتنە لەسەر تێگەیشتنی بادیو بۆ واتای "ناجوانکاری".

ئەوی بادیو لە بەرهەمی"" کتێبیدەستی ناجوانکاری – Petit manuel d'inesthétique "" ،کە لە سالی 1998 بەچاپیگەیاندووە، جەغتیلێدەکات داهێنانی هونەریە. وەلێ داهێنانی هونەری لە خودی خۆیدا نەک لەژێرسایەی فەلسەفەدا. ئەم جۆرە تێگەیشتنەش بۆ داهێنانی هونەری وایلە بادیو کردووە دژی لاسایکردنەوە Mimesis(ئەو هونەرەی نوێنەرایەتی ڕیالیتێ دەکات) بوەستێتەوە و ئەڵبەتە دژی ئەوەش کە پێیدەلێن ڕەنگدانەوەی شیعری سرووشت. باشە بۆ بادیو بەمشێوەیە فەلسەفە بەسەر کاری هونەرییەوە دەکات؟ مەبەستی سەرەکی بادیو لەم شێوە فەلسەفەکردنە پێیگیریکردنە لەسەر کردنی هونەر بە شتێ تاک و جەوهەری. باشە بۆ هونەر شتێ جەوهەری و ئەمجاریش تاکە؟ بەپێی بینینی بادیو هونەر جەوهەریە چونکە ڕاستیێ فەوری لە خودی هونەردا ئامادەیە کە لەڕێگای کارە هونەریەکەوە دەردەکەوێت. هەرچی لایەنی دووەمە ، ئەوەی کە هونەر تاکە، بادیو بۆئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە هونەر ڕاستییێکی تێدایە ئەو ڕاستیەش تاکە و تەنهاش لە هونەر دا ئامادەیە(6).

بۆئەوەی ئەویلایسەرەوە ووترا پتر ڕوونکەینەوە باسلەوەدەکەین، تێگەیشتنی ئەفلاتوونی بادیو بۆ هونەر، بۆ کاری هونەری، کاریێەوتۆدەکات دیوارێ بخاتە نێوان هونەر لەلایێ و جوانکاری و فەلسەفە لەلایێکیترەوە و ، ئەڵبەتە بادیو گشت ئەو تەقەلایانەش لەژێرناوی "ناجوانکاری" دەکات. ئەو دەمەش بادیو بۆ ئەوەدەچێت کە ئەمڕۆ جوانکاری بووە بە بەشێک لە فەلسەفە(7) دەیەوێت ئەم حالەتە هەلوەشێنێتەوە و وابکات جوانکاری بەو کارە هەلنەستێت. جێیووتنیشە، بادیو بۆئەوەی پردێ لەنێوان فەلسەفە و هونەر دروستکات کە پێچەوانەی ئەو پردەبێت فەلسەفەی ڕۆژئاوا پێشخۆی دروستیکردووە کار زۆرتر لەسەر هونەردەکات تا فەلسەفە و ، بۆئەوەی لەو تیۆری جوانکارییە نەرێتیەش خۆیبەدوورگرێت واتای "ناجوانکاری" پێشنیاردەکات.

بادیو گومانلەوەناکات جوانکاری و سیاسەت کاریگەریان بەسەریەکەوە نەبێت و بەرهەمهێنەری ڕاستیش نەبن. بەس بەبۆچوونی فەلسەفی بادیو ڕاستی ئەو دەمە دەردەکەوێت کە ڕووداو شوێنبەخۆی دەگرێت. واتە کە ڕووداو ئامادەدەبێت ڕاستی سەرهەڵدەدات. لەم حالەتەدا ڕاستیش لە پێوەندیدایە بە خودەوە. واتە بۆئەوەی ڕووداو هەبێت پێویستمان بە دەرکەوتنی خودە. بەمجۆرە کارێ هونەر کارێ خودیە. ئەو کارە هونەریەی دەردەکەوێت بەرهەمی خودێکە ئەم خودە لەڕێگای ئەو کارە هونەریەوە، کە لە خودیخۆیدا ڕووداوە، ڕاستی دێتەسازاندان. جەوهەری ئەم تیۆری "ناجوانکاری "یەی بادیوش ، هونەر وەک بەرهەمهێنەری ڕاستی لەوە بەدووردەگرێت ببێ بە بابەتێ بۆ فەلسەفە. واتە پێوەندی هونەر بە فەلسەفەوە پێوەندیێ وابەستانە نییە و هونەر چاوی لەدەست فەلسەفە نییە ڕاستی بۆ بەرهەمبهێنێت. چونکە هونەر لەناخی خۆیدا ڕاستی هەڵگرە (8). بادیو واشیبۆدەچێت کە هونەر وتارێ Discourse وەستایە(بە زاراوەێ لاکانیانە: هونەر وتارێ هیستریە Hysteric ) و لەڕێگای Configuration ەوە ڕاستی بەرهەمدێنێت(9).

شایانی باسیشە، بادیو بۆئەوەی پێوەندی نێوان هونەر و فەلسەفە و ڕاستی ڕوونکاتەوە سێ جۆر مۆدێل باسدەکات کە فەلسەفەی هونەریان داگیرکردوە: مۆدێلی دیداکتیک Didactic (مارکسی)، مۆدێلی ڕۆمانتیک(هێرمینۆتیک و فینۆمینۆلۆژی) و مۆدێلی کلاسیک(کە ئەرستۆ و شیکردنەوەی دەروونی لەخۆدەگرێت) (10). ئەمەش بەو مانایە دێت کە، هونەر لەڕێگای ئەم سێ فۆڕمە ئەدەبیەوە پێوەندی بە فەلسەفەوە کردووە: دیداکتیزم- پەروەردەی-، ڕۆمانتیزم و کلاسیزم. خالی هاوبەشی نێوان ئەم فۆڕمانەش ئەوەیە کە هونەر بەرهەمهێنەری ڕاستییە. ئەوەی وای لە هەریەک لەو فۆڕمانەش کردووە بوونی خۆیان بسەلمێنن پێوەندی هونەرە بە ڕاستیەوە(11).

سەرباری ئەوی لایسەرەوە ووترا بەپێی سێستەمی فەلسەفی بادیو بێت، ڕاستی لەڕێگای چوار کاتیگۆریوە دێتەبەرهەمهاتن. واتە فەلسەفە بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆی ڕاستی نییە بەلکو ئەوەی ڕاستی خولقێنەرە ئەو کاتیگۆریانەن لە بیرکاری، شیعر یان هونەر، سیاسەت و خۆشەویستی بریتیین. بەمشێوەیە، بادیو ئەو شیاویە لە فەلسەفەدا نابینێتەوە ڕاستی بخولقێنێ بەلکو فەلسەفەپێوانەی seize ڕاستی دەکات (12).

جێیتێرامانە، بەپێی تیۆری ناجوانکاری بادیو کاری فەلسەفە نییە قسە لەسەر ڕاستی لە هونەر دا کات چونکە هونەر ڕاستی لەخودی خۆیدا حەشاردەدات، هونەر بەخۆی ڕاستی بەرهەمهێنەرە. بەواتای بادیویانە، ناجوانکاری بەو تێگەیشتنە دێت کە لە پێوەندی فەلسەفە بە هونەرەوە فەلسەفە ناتوانێت هونەر بکات بە بابەتێ بۆ فەلسەفە. بەپێچەوانەی جوانکاریەوە بۆ بادیو ناجوانکاری بەووردی کاریگەری ئینترافەلسەفی intraphilosophical وەسفدەکات کە سەربەخۆی هەندێ کاری هونەری بەرهەمیدێنێت (13).

بۆ گەلێکمان ڕوونە کە جوانکاری لەڕووی مێژوویەوە فەلسەفەی ڕاکێشاوەتە ناو هونەرەوە(14) بۆیە بادیو لەبڕی جوانکاری واتای ناجوانکاری قووتدەکاتەوە. لای بادیو فەلسەفەی هونەر جیایە لە ناجوانکاری. لە فەلسەفەی هونەردا فەلسەفە قسە لە کارە هونەریەکە دەکات، واتە فەلسەفە خۆی بەسەر هونەردا دەسەپێنێ. بەڵام لە ناجوانکاریدا فەلسەفە لە کشانەوەدایە و کارە هونەریەکە خۆی دێتەقسەکردن. بۆیە ئەوەی پێیدەڵێن فەلسەفەی هونەر بادیو پێیهەرس نابێت و لەبری ئەوە ناجوانکاری دێنێتەکایەوە تا جۆرێتر لەپێوەندی لەنێوان هونەر و فەلسەفەدا بسازێنێ و ئەو پێوەندیە نەرێتیەی فەلسەفەش بە جوانکاریەوە دەبەستێتەوە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەمەش بەو مانایەدێت، قسەکردن لە ڕاستی تایبەت بە هونەر بوونی نییە چونکە هونەر لەدەرەوەی هونەر نییە بەلکو ڕاستی لەناوەوەی هونەردایە. چونکە هونەر بەخۆی ڕاستی خولقێنەرەوە(15). لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بادیو بانگەشە بۆ ئەوەدەکات کە، فەلسەفە ڕاستی دروستکەر نییە بەلکو پێوانەکەری ڕاستیە (16).

لە لێدوانێکیش بادیو ،پاش ئەو نووسینەی لایسەرەوە ئاماژەمان پێدا (واتە:"" کتێبیدەستی ناجوانکاری) جەغتلەوەدەکات جوانکاری وەک زانستێک لەمەڕ جوانی یان وەک زانستێک دابڕاو لە جوانی یانیش وەک بەشێک لە فەلسەفە بریتی بووە لە وتنی ڕاستی لەبارەی جوانیەوە، بۆیە بادیو لەبڕیئەوەی قسە لە جوانکاری بکات، ئەو ڕاستیەی فەلسەفە ووتویەتی لەسەر جوانی ، قسە لە ناجوانکاری دەکات چونکە جوانکاری بەهۆی یان لەڕێگای فەلسەفەوە قسەی لە جوانی هونەری کردووە(17) ئەمیش نایەوێت بۆلەمەولا فەلسەفە ئەو کارە بکات. واتە پێویستە فەلسەفە لەوەگەڕێت باس لە جوانی هونەری بکات. بۆیە هەڵەناکەین گەر پێمانوابێت بادیو ، وەک نیوئەفلاتونیێک (18) ، داکۆکی لەو ڕاستیەدەکات لەڕێگای هونەرەوە دێتەسازدان.

ئەم داکۆکیەی بادیو دەیکات لە هونەرە نەک لە فەلسەفە، لە ناجوانکارییە نەک لە جوانکاری، بەڵام بەپێیئەوەی ڕاستی فەلسەفی هونەریە(ئەڵبەتە دەشێ ماتماتیکی یان خۆشەویستی یانیش سیاسی بێت) بۆیە هونەر بۆ

**فەلسەفە تائەو شوێنە پێویست و گرینگە کە ڕاستی خوڵقێنەر بێت. ئاشکرایشە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا شەڕی هیگل لەتەک ڕۆمانتیک لەسەر ئەو بناغەیە بوو کە هونەر سەرووی فەلسەفە نییە. لەو پێشەکییەی فەیلەسوفی سویدی سڤێن- ئولوف ڤالنشتاین Sven-Olov Wallenstein نووسیویەتی بۆ کتێبی ""لاوکون Laokoon. یان لەمەڕ سنوورەکان لەنێوان وێنەکێشان و شیعر""، ڕەخنەی بۆچوونی فەیلەسوفی فەڕەنسی ژاک – لۆک نانسی Jean – Luc Nancy دەکات کە پێیوایە ئەو دیدەی ڕۆمانتیک کە خۆی لەسەر ئەو بناغەیە دادەنێ کە هونەر شتێ ڕەهاو و تۆتالە-گشتە- پێویستە تووڕهەڵدرێت (19). ئەوەش کە هیگل ناویدەنێ بە کۆتای هونەر بۆ ژاک – لۆک نانسی و ئارتۆر دانتۆ Arthur Danto سەرەتایێکە بۆ پلورالیتێتی هونەر (20).**

**لەبەرئەوەی "کۆتای هونەر" و ئایندەی جوانکاری هەمیشە بەیەکەوە گرێدراون و بۆئەوەی ئەم لایەنەش ڕونکەینەوە و پێوەندی نێوان جوانکاری و هونەر یان ئایندەی هونەر بەرباسخەین بەپێویستی دەزانین مەرگی هونەر بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفی ئارتۆر دانتۆ Arthur Danto ، کە دەمانباتەوە بۆلای تێزەکەی هیگل لەمەڕ "مەرگی هونەر"، گفتووگۆکەین.**

**ئارتۆر دانتۆ بەوەناسراوە کۆششی بۆئەوەکردووە پێناسەێ دامەزراوەی بۆ هونەر بەردەستخات. پێیوایە جیهانی هونەر بریتیە لە تیۆری هونەر ئەم تیۆریەش ئەو شیاویەمان دەستدەخات کە کاری هونەری لە بابەتی ڕاستەقینە جیاکەینەوە. ئەم تیۆریە لای دانتۆ زۆرماناداره چونکە بەهۆی ئەم تیۆریەوە دەکارین لەو پرسیارەتێگەین کە بەمشێوەیە: هونەر چی دەگەێنێت؟ ئەم ڕەخنەگرەهونەریە ئەمەریکایە هونەر لە شتی بابەتیدا نابینێتەوە بەلکو بۆ ئەم ئەوە هونەرە کە لە جیهانی هونەردا ئامادەیە و مەبەستی سەرەکیشی لەمە ئەو هونەرەیە لە گالێری و مۆزەخانەکانا دانراون. گومانیشی ناوێت بلێین، بەبۆچوونی دانتۆ ئەو جۆرە هونەرانەش(واتە: ئەو هونەرەی لە گالێری و مۆزەخانەکانا دانراون) دروستکەری جوانکارین، بۆیە لێرەوە دانتۆ دەیەوێ بەو تێگەیشتنەی خۆی ئاشنامانکات کە خۆی لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێنێ کە پێویستە کار بۆ بەدامەزراوەکردنی هونەر کرێت. ئەمەو بۆ دانتۆ تەنیا ئەو تیۆری هونەرە بەدامەزراوەیەی باسیلێوەدەکات لە جیهانی هونەردا دێتەچێکردن(21). بەڵام ئەوەی دانتۆ بە کاری هونەری لەقەڵەمدەدات ئەو جۆرە کارەیە بابەتێکی هەیە ، هەروەها خاوەنی شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی و ئەوشتەش پڕدەکاتەوە کە خەڵک لەخۆیانا نایبیننەوە(22).**

**ئەوەی بەزۆریش دانتۆ لەنێوەندە ئەکادیمیەکانا تایبەت بە فەلسەفەی هونەر پێیناسراوە ئەو جۆرە بەڕەنگاریبونەوە فەلسەفیەیە کە لەتەک مێژووی دیالیکتیکی هونەری هیگل دا دەستیداوەتێ و لەڕێگای ئەو بەرەنگاربوونەوەیەشەوە بە تێمای "کۆتای هونەر" گەیشتووە. بەواتایێتر تیۆری جوانکاری دانتۆ خۆی لە هەندێ ڕووەوە لە گفتووگۆکردنی تێزە فەلسەفیەکەی هیگل تایبەت بە "کۆتای هونەر" کورتدەکاتەوە. لەئاکامی ئەو گفتووگۆ فەلسەفیەش کە تایبەت بە تێزە ناسراوەکەی هیگل دەیکات بە تێزی "دوای کۆتای هونەر" گەیشتووە، واتە "پاش مەرگی هونەر " چیبکەین؟ یان ئەو شتەی کە هونەرە "پاش مەرگی هونەر "کامەیە؟. ئەلبەتە،پووختەی تێگەیشتنی دانتۆ تایبەت بەم لایەنە لەو ڕوونکردنەوە ڕەخنەییەدا خۆی چڕدەکاتەوە کە ئەو جۆرە مێژووە هونەریەی ڕۆژئاوا پێشنیاریکردوە خۆی لەکۆتایدەنێ و بەمەش ڕەخنەی ئاڕاستەی بینینی دیالیکتیکانەی هیگل بۆ مێژووی هونەر دەکات. بەمجۆرە دانتۆ ئەوە بە هونەر نازانێ کە ڕۆژئاوا لەو فۆڕمەدا بەردەستی خستووین کە پێیدەووترێت مێژووی هونەری ڕۆژئاوا بۆیە بانگەشە بۆ "کۆتای هونەر" دەکات و وەلێ هەرگیز ماف بەخۆینادا بانگەشە بۆئەوەوبکات کە بۆلەمەولا هونەر کەس ناتوانێت دروستیکات یانیش بۆلەمەولا کەس ناکارێت هونەری باش بخولقێنێ(23 ). چونکە کێشەی دانتۆ لەتەک جیهانی هونەر لێرەوە دەستپێناکات بەقەدئەوەی ئەو کێشەیە بۆ ئەم تیۆریزەکەرە هونەریە ئەمەریکیە لەوێوەدەستپێدەکات  مێژووی هونەری ڕۆژئاوا ڕوو لە پایانە. بۆئەوەی**

دانتۆ ئەم لایەنە گفتووگۆکات و تێزەکانیشی تایبەت بەم لایەنە ڕوونکاتەوە دێتەوە لای هیگل و تێگەیشتنی بۆ مێژووی هونەر. ئەڵبەتە دانتۆ کە تێمای "کۆتای هونەر" دەوروژێنێ مەبەستی ئەوە نیە هونەر تورِدرێت بەقەدئەوەی پێیوایە کە پاش "کۆتای هونەر" مێژوویێتر بۆ هونەری هاوچەرخی ڕۆژئاوا دابینکرێت یان بەبۆچوونی دانتۆ دوای"کۆتای هونەر" مێژووێ تازەی هونەر سەرهەلدەدات کە نەریتی نەبێت. دانتۆ ئەم جۆرە قۆناغە لە قۆناغی "کۆتای هونەر"دادەپچرێنێ و بە قۆناغێ نوێش ناوزەدیدەکات. پێدەچێ ئەو قۆناغەی دانتۆ لە پاش "کۆتای هونەر" داکۆیلێدەکات ئەو قۆناغە بێت کە وەک هونەری پێشوو نەریتی نییە و ،دواتر ئەم جۆرە هونەرە خۆشی لەسەر بنچی لاسایکردنەوە دانامەزرێنێ و هەروەها بەو قۆناغانەشا تێناپەڕێت وەک قۆناغی ئیدیۆلۆژی و تادەگاتە قۆناغی پاش مێژووی. ئەمەو دانتۆ پێیلەسەرئەوەش دادەگرێت کە هونەری نەریتی، هونەری کلاسیکی ڕۆژئاوای، هونەری ئەو قۆناغەی دەیمرێنێ، نەیتوانیوە سنوورە شێوازەی و فەلسەفیەکان جوداکاتەوەلەیەک و هونەریش ڕوونینەکردۆتەوە دەیەوێت چۆنبێت بۆیە دانتۆ پێیوایە لێرەوە هەقایەتەکە کۆتای دێت و بۆیە بانگەشە بۆ "مەرگی هونەر"دەکات (24).

لەو بەرهەمەی دانتۆ بەناوی ""دوای کۆتای هونەر"" نووسیویەتی ڕەخنەێ توند ئاڕاستەی سرووشتی هونەر دەکات و، ئەڵبەتە بەدەمیەوە ڕەخنەگەری کلیمێنت گرینبێرگ Clement Greenberg و مێژووی وێنەکێشانی مۆنۆکرۆم Monochrome و ئایندەی مۆزەخانەش بەرباسدەخات . دانتۆ بێچەندوچوون ئەم کۆتایهاتنەی هونەریش دەگەڕێنێتەوە بۆدەوروبەری ناوەندی ساڵانی 1960 کان. پێیشیوایە تێگەیشتنی نەریتی ناتوانێت ڕوونکردنەوەی کافیمان لەسەر هونەری هاوچەرخ پێبدات. ئەمە بەو واتایەش دێت کە دانتۆ دەخوازێت پێمانبلێت ، هونەری هاوچەرخ ناکرێ لەڕێگای ئەو تێگەیشتنە فەلسەفی و جوانکاریە نەریتیانەوە شیکرێتەوە کە بەرۆکی مێژوویان گرتووە بۆیە دانتۆ بۆ شیکردنەوەی هونەری هاوچەرخ دەیەوێت لەو گێڕانەوە گەورانە دورکەوینەوە هونەریان ڕاڤەکردووە. بۆئەوەی دانتۆ ئەو تێگەیشتنە نەریتیانە ڕەتکاتەوە لە هەوڵەکانی وێنەکێشی ئیتالیەوە ژۆرژیۆ ڤازاری Giorgio Vasari یەوە دەستپێدەکات کە دەکات ساڵانی 1500 کان تادەگاتە هۆلی گرایل Holy Grail لە ساڵانی 1880 کانی ڕۆژئاوا و بە بریلۆ بۆکس Brillo Boxes ەکەی ئەندی ڤارهۆل Andy Warhol کۆتای پێدێنێت کە دەکات سالی 1964. دانتۆ ئەو هونەرە دەمرێنێ کە لەم بەروارانەوە دەستپێدەکات. ئەلبەتە ئەو هونەرەش کە پێیدەووترێت ڕێنێسانس دەخاتە ئەم خانەیەوە.

دانتۆ مێژووی هونەری ڕۆژئاوا دەخاتە ژێرپرسیارەوە. بۆئەوەی ئەم خستنەژێرپرسیارەی ئاڕاستەێ فەلسەفی وەرگرێت لە تێزەکەی هیگلەوە دەستپێدەکات. ئەو دەمەی دانتۆ ئەم مێژووە دەخاتە ژێرپرسیارەوە مێژووەکە دەمرێنێ و بەمراندنی ئەو مێژووەش شیاوی لەبەردەم سەرهەڵدانی هونەر دەکاتەوە، هونەر بەوجۆرەی هەیە یان دەشێ هەبێت. بەواتایێتر ، لەپاش ئەو مراندنی مێژووی هونەری ڕۆژئاوایەوە دانتۆ شیاوی بە بوونی ، بە سەرهەڵدانی، هونەر دەدات. واتە گشت شتێک شیاو دەبێت (25). بەس دانتۆ چەند ڕەخنە ئاڕاستەی تێگەیشتنی نەریتی دەکات و بێهێزی ئەم تێگەیشتنە نەریتیە لە ڕووکردنەوەی هونەر شیدەکاتەوە ئەوەندەش ڕەخنە ئاڕاستەی تێگەیشتنی مۆدێرنە دەکات و بە پاشکۆی ئەو تێگەیشتنە نەریتیەی دەزانێ کە بەشێکە لە مێژووی هونەری ڕۆژئاوا.

دانتۆ لەڕێگای ئەو کتێبەی تایبەت بە تێمای "کۆتای هونەر" لەژێرناوی ""پاش کۆتای هونەر"" نووسیویەتی گەلێ تێکستی هاوچەرخی ڕەخنەی سەبارەت بە هونەر بەردەست دەخات و هونەری ئیدیۆلۆژیش ڕەخنەدەکات و پێیشیوایە تێگەیشتنمان بۆ هونەر پێویستە بگۆڕین. بۆئەوەی ڕووبەری ئەم ڕەخنەیەش بەرینکات لە نەریتی لاسایکردنەوەوە Mimesis پیایەڕوات تادەگاتە هونەری تازە لە 1960 کان. ئەم قۆناغە پۆست مێژوویەش کە تیایدەژین دانتۆ بەرەوئەوەدەبات دیدی نەریتی بۆ هونەر ،کە خۆی لەسەر گێڕانەوە بوونیادناوە پێویستە

وەلاوەنرێت. گشت ئەوانەش بە هونەرێ شیاو دەزانێت کە لە قۆناغی پۆست مێژوودا دێنەبەرهەم جا ئەوە هونەری پۆپ Pop art بێت ، کە بۆ دانتۆ بە هونەرێ پۆست مۆدێرنە لەقەڵەمدەدرێت، یان هونەری گەلی و ئەو هونەرەش کە لە مۆزەخاناکانا نمایشدەکرێت و ..هتد. دوا چرکەی گێرانەوەش بۆ دانتۆ کۆتای هەقایەتە 26(Story) ، ئەم دوا چرکەیەش ئەو مێژووە دادەخات پێیدەڵێن مێژووی هونەری ڕۆژئاوا. بەوتایکیتر، ئەو چرکەی ئێستا دەیژێین ، واتە قۆناغی یان چرکەی پاش مێژوویی.

ئازاد حەمە/ پاریس

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


1.بڕوانە ئەم نووسینەی فەیلەسوفی سویدی سڤێن– ئولوف ڤالنشتاین Sven–Olov Wallenstein:

Sven–Olov Wallenstein. Uppfinnandet av estetiken. Tidskriften för litteraturvetenska، Vol 38، (2008) Nr 3–4، s. 65.

2. Ibid.

3. Ibid.

4. Ibid.

5. Peter Hallward. Badiou: A Subject to Tuth. Foreword by Slavoj Zizek. Minneapolis : Minnesota University Press، London، 2003،p.194.

6.Alain Badiou. The Subject of art. Transcript by Lydia Kerr. lacan.com

7. بڕوانە ژمارەی 414 ی "گۆڤاری ئەدەب"ی فەڕەنسی کە لێدوانێکی لەتەک بادیو دا ئەنجامداوە پاش تێپەڕوونی 4 ساڵێک بەسەر نووسینی کتێبی"" کتێبیدەستی ناجوانکاری – Petit manuel d'inesthétique "" ،کە لە ساڵی 1998 بەچاپیگەیاندووە،:

Magazine littéraire N. 414 Novembre 2002، p.17.

8.Peter Hallward. Badiou: A Subject to Truth، University of Minnesota Press، Minneapolis، 2003، p. 194.

9. Thomas Mical. Book Review(Alain Badiou. Handbook of Inaesthetics. Stanford University Press، 2005. Translated by Alberto Toscano.): Opposed to Blurring On Every Level. Volume 3، Number 1 (January 2006).

10. Alain Badiou. Handbook of Inaesthetics. Stanford University Press، 2005، p.5.

11. Edia Connole. The ‘event’ in Art: Inaesthetics?

www.acw.ie/images/uploads/event.pdf

12. Alain Badiou. Handbook of Inaesthetis. p. 14.

13. Ibid.، p. xiv.

14. Thomas Mical. Book Review(Alain Badiou. Handbook of Inaesthetics. Stanford University Press، 2005. Translated by Alberto Toscano.): Opposed to Blurring On Every Level. Volume 3، Number 1 (January 2006).

15. Alain Badiou. Handbook of Inaesthetics. p.9.

16. Ibid.، p.14.

17. Magazine littéraire N. 414 Novembre 2002، pp.17–18.

18. Badiou: A Subject to Truth. Peter Hallward.، University of Minnesota Press، Minneapolis، 2003، p. 194.

**19. بڕوانە ئەو پێشەکیەی فەیلەسوفی سویدی سڤێن– ئولوف ڤالنشتاین** Sven–Olov Wallenstein **بۆ کتێبی ""لاوکون** Laokoon **. یان لەمەڕ سنوورەکان لەنێوان وێنەکێشان و شیعر"" ی نووسیوە .ئەم کتێبە لە نووسینی گوتۆلد ئێفرایم لیسینگ** Gotthold Ephraim Lessing**ە. لەم کتێبەدا لیسینگ: کە یەکێکیشە لە نوێنەرانی ڕۆشنگەری ئەلمانی، گرینگی بە سەربەخۆی هونەر دەدا و بناغەش بۆ ئەو هونەرە دادەنێت کە ئەمڕۆ پێیدەلێن هونەری مۆدێرن. بڕوانە کتێبەکەی لیسینگ و پێشەکیەکەی ڤالنشتاین لەم سەرچاوەیەی لایخوارەوە:**

G. E. Lessing. Laokoon. Eller om gränserna mellan måleri och poesi. Översättning: Sven–Olov Wallenstein. 2011، Konst & arkitektur.

**مایەوە لەم پەراوێزەدا ئەوەش بلێین کە سڤێن– ئولوف ڤالنشتاین (1962)فەیلەسوف و وەرگێڕێ بلیمەتی سویدیە و لەبواری جونکاری و تیۆری هونەر پسپۆڕێ بەرچاوییە. کانت ( ڕەخنەی دادوەری) و هیگل (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح) و هایدیگەری (ڕیشەی کاری هونەری)لە ئەلمانیەوە، ژۆرژیۆ ئاگامبینی (هۆمۆ ساکەر) لە ئیتالیەوە، دولۆزی (لێبنتز) لە فەڕەنسیەوە وەرگێراوەتە سەر سویدی و ، جگەلەو توێژینەوانەی بە هەردوو زمانی سویدی وئینگلیزی ئەنجامیاندەدات.**

20. Ibid.

21. Arthur Danto (1996) [1964]. ”Konstvärlden”. Kairos nr 1. ss.100، 105.

22. Thomas Adajian. "The Definition of Art". The Stanford Encyclopedia of Philosophy، London، Oct 23، 2007.

23.بڕوانە ئەم سایتەی لایخوارەوە کە بە ئارتۆر دانتۆ وە تایبەتە:

www.rowan.edu/open/philosop/clowney/Aesthetics/philos_artists_onart/danto.htm#top

24. December 21) David W. Cloweny، 2009). " Arthur Danto ". Rowan university. Retrieved 2009-12-21.

25. Arthur C. Danto. After the End of Art : Contemporary Art and the Pale of History. Princeton University Press، 1998، p.112.

26. Ibid.، p.47.